# کوردستان مەکۆی شۆڕش وسەرهەڵدانە

کوردستان مەکۆی شورش وسەرهەڵدان، شوینی خوراگری و را بوون و هەستان، بە دریژایی میژووی دەسەلاتداریەتی حاکمانی موستەبدو داگیرکەرانی قین لە دڵی نیزامی شاهەنشایی و ئاخوندی، شوێنی موبارەزە بووە و جەماوەری شۆڕشگێڕی ئەو ئاو و خاکە بۆ دەستەبەرکردنی مافەرەواکانیان کە ساڵهای ساڵە پیخوستی داگیرکەرانە، هەوڵیان داوە و ئاوری موبارەزەی بێ ئەمانیان وەها بەسەر ناحەزانی ئەو ئاوو خاکەدا باراندووە کە بۆتە وێردی سەر زمانان. کوردستان سەنگەری ئازادیخوازانە و تیکرای ئازادی ویستانی ئێرانیش لەو سەنگەرەوە بۆ دابین کردنی ئازادی و رووخانی رژیمانی سەرکوتگەر و یاغی و پاوانخواز خەباتیان کردوە. سەرباری میلتاریزە کردنی کوردستان و مۆڵ دانی هێزی پاسدار و بەسیج وجاش وجروش و دەیان ئورگانی دیکەی سەرکوتگەر، هەستی ئازادیخوازی و ماف ویستی و رابوون و سەرهەڵدان و کۆبوونەوەی ئیعترازی و بانگەوازی پیکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلی کورد دانەمرکاوەتەوە و بەپێچەوانەوە هەتادەمبەست و خەفەقان و کوشتن و گرتن و تەبعید زیادی کردبێ، زۆرتر دەنگی حەقخوازی بەرز بۆتەوە. لە شۆڕشی دژی شایەتیدا، گەلی قارەمانی کورد چالاکانە بەشداری کرد و بۆ نەهێشتنی ئەو نیزامە شوومە و دابین کردنی ئازادی و دیموکراسی و چەسپاندنی مافی میلەتی کورد، زورترین قوربانی داو هەتا سەرکوتنی گەلانی ئێران لە پیشەوەی ئەو شۆڕشە بوو. بەرهەمی خەباتی بێ ووچانی گەلانی ئێران کە چووە گیرفانی ئاخوندانی کەلەویشك و رەنج و کویروەری و قوربانیدانی گەلانی ئێرانیان بە تاڵان برد و هێرشیان بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەست پێ کرد، خەڵکی کوردستان، جاریکی دیکەش چوونە سەنگەری دژی دیکتاتوری.لە خەباتی دوای شورشی ٥٧،میلەتی کورد کەوتەوە بەر گێروگازی ئاخوندانی ملهور و ئەمجار خراپتر لە دەوورانی نیزامی شاهەنشایی، رەفتاریان لەگەڵ خەڵکی کوردستان کرد و بۆ مەهارکردنی شورشی حەقخوازنەی کورد و نەهێشتنی بیری جیاواز و کوتایی هێنان بەهەستی ئازادیخوازی بەشیوەییکی زۆر دڕندانە کەوتنەگیان خەڵکی کوردستان و زۆر بۆمب و ناپاڵم وچەکی قورسی دیکەیان لە سەر تاقیکردنەوە و چەندین ڕووداوی وەکوو قارنێ قەڵاتانیان لە کوردستان ڕێکخست. لاوانی ئەو گەلەیان بەکۆمەڵ ئیعدام دەکرد و چاڵە رەشەکانیان ئاخنی لە ئازادیخوازان و مەزراو مووچەی زورێك لە خەڵکی کوردستانیان ئاور تێ بەردا و شاخ و داخەکانی کوردستانیان مین ڕێژ کرد.لەگەڵ ئەو هەموو جینایەت و دڕندەخوییە سەبارەت بە گەلی کوردستان، ئاوری مووبارەزەی گەلی کورد رۆژبەرۆژ لە دژی رژیمی ئاخوندی خۆشتر بووە و هێزە ئازادیخواەکانی کوردستان بە تایبەت سازمانی خەباتی کوردستان زەربەی وەها گورچووبڕی لە دژمنی بێ بەزەیی وەشاندووە کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵە دا وینەی نەبووە. خەباتی جەماوەریی و ئاکسیونی ئیعترازی و کوبوونەوەی بەربڵاوو مانگرتنی سەرانسەریی ڕوو لە گەشەیە و ڕابوونەکانی گەلاویژی هاوینی رابردوو

جاریکی دیکە ئەو راستیەی دەرخستەوە کە کوردستانی لانەی بیچوەشیران و دانەهاتوو بە پیلانی داگیرکەرانی، پێ ملی ویستی گڵاوی رژیمی ئاخوندی نابێ و بچوکترین هەل دەکاتە بیانوو بۆ بەگژداچوونەی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمی خومەینی و هەتا رزگاری یەکجاری گەلی کورد ئەو جۆرە هەستانانە دریژە ئەدەن. لە نوێترین تەزاهووراتی خەڵکی کوردستاندا، خەڵکی قارەمانی شاری سنەی هەمیشە ڕاپەریوو، لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرکانی نیزامی ئاخوندی تێکگیران و کانتینێرەکانی شارداری رژیمیان ئاور تێ بەردا. رۆژی سی شەممە، ١١ی ریبەندان، هیزەسەرکوتگەرکانی رژیم هێرشیان کردە سەر خەڵکی ناوچەیی فەیزاوای سنە و برقیان لێ برین. خەڵکی دلێری شاری سنە کە ڕاپەرینیان لە رژیمی دژە خەڵکی ئاخوندی کردۆتە پیشە، تەزاهووراتێکی بەرینیان رێکخست و بە گژ هێزەکانی رژیمدا چووەنەوە. لە جەریانی ئەو ڕابوونەدا خەڵکی بە گیان گەیشتووی فەێزاوای سنە، قارەمانانە لە بەرانبەر رژیمدا وەستان و بە شیعاری مەرگ بۆ رژیم و بژی کوردستان، تەنگیان بە رژیم هەڵچنی و جارێکی دیکە بە رژیمیان گوتەوە کە نیزامی ئاخوندی زووحاك سیفەت، لە کوردستان جێگای نیە. بێ گوومان رژیمێکی دڕندەی وەکوو رژیمی ئاخوندی کە لەگەڵ ئازادی و حکومەتی خەڵك سالاری و رەوتی گەشەی فیکری و ئاشتی و سەقامگیربوونی دیموکراسی لە ئێران، نایێتەوە، دەبێ بەرەو زبڵدانی مێژوو بارگە و بنەی بپێچێتەوە. ئەو رژیمە کە ماکەی شێواندنی ناوچەی رۆژهەڵاتەو لەگەڵ هەر جۆرە ئازادییێك دژایەتی دەکا و لە ئێرانی خاوەن تەمەدوون و جێگای پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەکان و دۆستی راستەقینەی هەموو جیهانیان، جێگای نیە. خەڵکی ئێران و جێهانیش، هاتوونە سەر ئەو باوەڕە کە بە رووخانی رژیم، ئاسایش و ئارامی و هێمانیەتی دەگەرێتەوە ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژئاواش سەبارەت بە ئێران واهیمەی نامێنێ. جا بەو پێیە خەباتێکی سەرانسەری خەڵکی ئێران و کوردستان و هاوکات جیهانی دەرەوەش لە دژی ئاخوندانی دیکتاتۆر دەستی پێکردووە و بڕیاری نیهاییە کە تا رووخانی رژیم و گەڕانەوەی ئازادی بۆ ئێران و کوردستان هەدا نەدەن.

بێهرووز ئەردەڵان